## کارڵ مارکس

# دەربارەی خۆماڵیکردنی زەوی و زار

مولکایەتی زەوی و زار، کە یەکەمین سەرچاوەیە بۆ هەموو سامانێك، بووە بە کێشەیەکی زۆر گەورەو ئایندەی چینی کرێکار، بە چارەسەرکردنی پایەندە. بە بێ ئەوەی من بمەوێ گفتوگۆ لە سەر هەموو ئەو بەڵگانە بکەم کە بەرگریکەرانی مولکایەتی تایبەتی زەوی و زار-یاساناسان، فەیلسوف و ئابووری سیاسی ناسان-دەیهێننەوە، دەتوانین تەنها ئەوە بسەلمێنین کە ئەوانە سەرچاوەی *حەقیقەتی* داگیرکردن، لە ژێر پەردەی((مافی سرووشتی))دا، شاردوووەتەوە. ئەگەر داگیرکردن، مافی سرووشتی بۆ کەمایەتی ئەفراندووە، ئەوا زۆرینەیش تەنها پێویستیان بە کۆکردنەوە هێز هەیە بۆ وەدەستخستنی مافی سرووشتی گەڕاندنەوەی ئەوەی لێیان زەوتکراوە.

بەدرێژایی مێژوو، داگیرکەران هەوڵیانداوە، بە ڕێگای ئەو یاسایانە بە خۆیان دایدەڕێژن، ڕەگی زەبروزەنگ کە لە مافی مولکایەتیدا سەرچاوەی وەرگرتووە، بەجۆرێك، لە ناو کۆمەڵدا جێگیر بکەن. لەدواییشدا، فەیلسوفێك دێ و ڕایدەگەیەنێ کە کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر ئەو یاسایانە، ڕێککەوتوون. ئەگەر مولکایەتی تایبەتی زەوی و زار بەکردەوە لەسەر ڕێککەوتنێکی ئاوا گشتی دامەزرابێ، ئەوا دەبێ لەو چرکەیەدا لەناوببرێ، کاتێ زۆربەی کۆمەڵگایەك چیترلە گەڵ مانەوەیدا نابن.

با ئێمە ئەوەی پێدەڵێن"مافەکان"ی مولکایەتی، لەولاوە دابنێین، بەو شێوە دووپاتی دەکەمەوە کە پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵگە، گەشەکردن و چڕبوونی دانیشتوان، پێداویستەکانی کاری هەرەوەرزی و کاری ڕێکخراو، هەروا ئامێرەکان و دۆزراوەکانیتری بواری کشتوکاڵی، خۆماڵیکردنی زەوی وزار دەکەن بە *پێویستییەکی کۆمەلایەتی* و لەئاستیدا هەموو جۆرە قسەلۆکێك لەبارەی مافەکانی مولکایەتی، ئەفلیج دەکا.

ئەو گۆڕنکارییانە کە لە پێداویستییە کۆمەلایەتییەکانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێ، زوو تا درەنگ، بەخۆیان ڕێگای خۆیان دەگرنەبەر؛ کاتێ دەبن بە پێداویستییەکی بەپەلەی کۆمەڵگە، دەبێ ئاسوودە بکرێن ویاساکان هەمیشە ناچاردەکرێن، خۆیان لەگەڵ ئەو پێداویستییانە بگونجێنن.

ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێ هەیە، زیادکردنی ڕۆژانەی بەرهەمهێنانە، وناتوانین پێداویستییەکان بەتێروتەسەلی ئەنجام بدەین، ئەگەر چەند کەسێك بۆیان هەبێ، بە گوێرەی حەزو بەرژەوەندی خۆیاندا، بەرهەمهێنان ڕێکبخەن یا بە نەزانی، هێزی زەمین بێکەڵك بکەن. هەموو شێوازە هاوچەرخەکان، وەك ئاودێری، ئاوڕواندن، کێڵاندنی هەڵمی وبەرهەمهێنانی شیمی...هتد، دەبێ بە بەرفراوانی لە کشتوکاڵیدا بەکاربهێنرێت. بەلام ئێمە ناتوانین سەرکەوتوانە سوود وەربگرین لە مەعریفە زانستییەکانمان و، ئەو کەرەستە تەکنیکیانەی لەبەردەستمان و دەسەلاتمان بەسەریانەوە دەشکێ وەك مەکینەکان...هتد بۆ کاری کشتوکاڵی، ئەگەر بەشێك لە زەمین بە ئەندازەیەکی بەرفرەوان بەکارنەهێنین.

ئەگەر کشتوکاڵی زەمین بە ئەندازەیەکی گەورە-تەنانەت بە فۆرمە سەرمایەدارییەکەی ئێستاشییەوە کە خودی بەرهەمهێنەرەکان بۆ ئاستی ئاژەڵێکی ئاسایی کارکردن، نزمدەکاتەوە- بە تێڕوانینی ئابوورییدا، تا ئەو ڕادەیە سوودبەخشتربێ لە کشتوکاڵی پارچە زەمینی بچووك و لەتلەتکراو، ئایا لەتوانایدا نییە لە سەر ئاستی نیشتیمانیدا، پاڵێکی گەورەتر بە گەشەندنی بەرهەمهێنانەوە بنێ؟ لەلایەکەوە، بەبەردەوام زیادبوونی

پێداویستییەکانی دانیشتوان، و لەوڵاوەوە زیادبوونی نرخی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، بەبێ چەندوچۆن دەیسەلمێنن کە خۆماڵیکردنی زەوی وزار بووە بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی.
کەمبوونی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی بەهۆی سوودەرگرتنی ناشایستەی هەندێ کەس، مەحاڵ دەبێ ئەگەر گشتوکاڵی بکەوێتە ژێر چاودێری نەتەوەو خێری خۆی.
هەموو ئەو هاووەڵاتیانە کە لە کاتی مشتومڕکردن لەبارەی ئەم کێشەیە، گوێم لێ دەگرتن، بەرگریان لە خۆماڵیکردنی زەوی و زاریان دەکرد، بەڵام لەبارەیەوە، بۆچوونی زۆر جیاجیایان هەبوو. زۆر جار نموونەی فەرەنسایان دەهێنایەوە، بەڵام بەحوکمی پەیوەندی موڵکایەتی زەوی و زاری جووتیارانەی ئەم وەڵاتە، زۆر لە خۆماڵیکردنی زەوی و زار لە بەریتانیا دوورترن، لەبەر ئەوەی لە بەریتانیا خاوەن موڵکایەتی زەوی و زاری گەورە باڵادەستن. ڕاستە لە فەرەنسادا ئەوەی توانای گڕینی هەبێ، دەتوانێ ببێ بەخاوەن زەوی و زار، بەڵام ڕێك خودی ئەمە، بووە بەهۆی لەتلەتکردنی زەوی و زار بۆ لەتگەلی بچووك و لەلایەن تاکگەلێ کشتوکاڵ دەکرێن کە کەم دەرامەتن و زۆرجار پشت بە کاری کەسی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیانەوە دەبەستن. ئەم جۆرە موڵکایەتییە لەگەل مەرجەکانیدا لە کێڵینی لەتگەلی زەمینی بچووك، نەك تەنها نەرێی(نەفی) هەر جۆرە چاکسازییەکی هاوچەرخی کشتوکاڵ دەکا، بەڵکو لەهەمان کاتدا، خودی جووتیارەکەش دەکا بە دوژمنێکی ڕکو بۆ هەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی و لەپێشەوەشیانەوە، دووژمنی خۆماڵیکردنی زەوی و زار. جووتیار کە بە زەوییەکەیەوە کۆتکراوە، پێی وایە ئیتر دەبێ هەموو هێزەکەی لەپێناو دەستخستنی دەرامەتێکی پووچ بەکاردەهێنێ و ناچارە بەشی زۆری بەرهەمەکەی پێشکەشی دەوڵەتی بکا بەشێوەی-باجدان، وەك نرخی ئەرکەکانی دادوەری، دەبێ پوول بە دەستەی دادوەری بدا، بە جامباز، وەك سوود- هیچیش لەبارەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی بواری چالاکییە سنووردارەکەی، نازانێ، لەگەل ئەوەشدا وەك نابینایەك، ئاوێزانی پارچە زەوی بچووکەکەی و بە مافی بە ڕووکەشی موڵکایەتییەکەیە. بەم شێوەیە، جووتیاری فەرەنسی بۆ ناکۆکی شوومئامێز لەگەل چینی کرێکاری پیشەسازی، ڕاکێشراوە.
لەبەر ئەوەی موڵکایەتی جووتیارانە گەورەترین کۆسپە لەبەردەم خۆماڵیکردرنی زەوی و زار، بێگومان فەرەنسا لەم بارودۆخەی ئێستایدا، ئەو شوێنە نییە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە گەورەیە.
بەخۆماڵیکردنی زەوی و زارو بەکرێدانی پارچە زەوییە بچووکەکان بە تاکەکان یان بە هەرەوەزییە کرێکارییەکان، لەسایەی حکومەتێکی بۆرژوازیدا، تەنها دەبن بە مایەی کێبڕکێیەکی بێ ڕەحمانەو سەرئەنجامەکەی، گەشەسەندنی خێرایی سووە و لەوانەیە ئەمەش سوودی نووێتر بۆ خاوەن موڵکی زەوییەکان کە لە سەر شانی بەرهەمهێنەرەکان دەژین.
لە کۆنگرەی ئینتەرناسیونال کە ساڵی1868دا لە برۆکسل دامەزرا، هاوڕێ سیزار دی باب ووتی: ((زانست بڕیاری نەعلەتکردنی لەناوچوون لەسەر موڵکایەتی زەوی وزاری بچووك دەرکردووە و، دادپەروەریش، موڵکایەتی گەورەی زەمین مەحکوم دەکا. کەواتە تەنها یەك ئەڵتەرناتیف دەمینێتەوە. دەبێ زەوی و زار یان ببێ بە موڵکی هەرەووەزییە کشتوکاڵییەکان یان موڵکی هەموو نەتەوە. دواڕۆژ بڕیار لەسەر ئەم کێشەیە دەدا.))
من لە بەپێچەوانەی ئەوە، دەڵێم: بزووتنەوەی کۆمەلاتی بڕیار لەسەر ئەوە دەدا، زەوی وزار تەنها ببێ بە موڵکایەتی هەموو نەتەوە. بە پێدانی زەوی و زار بە کرێکارانی کشتوکاڵی، واتە کۆمەڵکە دەخرێتە ژێردەستی یەك چینی دیاریکراو، ئەوەش چینی بەرهەمهێنەرانە.

**خۆماڵیکردنی زەوی و زار گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر پەیوەندی نێوان کارو سەرمایە دەهێنێ و لە دواییدا هەموو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری پیشەسازی و کشتوکاڵی لەناودەبا. ئەوکاتە جیاوازی و ئیمتیازاتە چینایەتییەکان لەگەل ئەو بنەما ئابووریەی لەسەری دامەزراوە، لەناودەچێ و کۆمەڵگە بۆ هەرەوەزییەکی ئازادی"بەرهەمهێنەران"دەگۆڕێت. ژیان لەسەر حیسابی کاری کەسانیتر، دەبێ بە باسی ڕابردوو! ئەوجا نە حکومەت و نە دەوڵەتێك لە ناکۆکیدا لە گەل خودی کۆمەڵگەدا دەمینێ! کشتوکاڵی، کاری کانگەکان و بە ووشەیەك بڵێم، هەموو لقەکانی بەرهەمهێنان، پلە پلە بە سوودمەنترین شێوە ڕێکدەخرێت. بەسێنترالکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ناتسیونال دەبێ بە سرووشترین بنەمای کۆمەڵگەیەك لەسەر یەکگرتنەوەی ئازاد و هووشیاری بەرهەمهێنەرانی هووشیار دامەزرابێ کە چالاکانە هەڵدەستن بەکارکردن بە پێی بەرنامەیەکی هاوبەش و عەقلانی. ئەمە ئەو ئامانجە مرۆڤایەتییانەیە کە بزووتنەوەی ئابووری مەزنی سەدەی نۆزدەهەم هەوڵی بۆ دەدا.**

**لە مارس و ئەپریل/**1872**بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی و لە ڕۆژنامەی**
The International Herald، **ژمارە**11،**لە**15**ی یونی**1872**بڵاوکراوەتەوە.**
**لە** 25. 6. 2004 **بۆ یەکەم جار بۆ زمانی کوردی وەرگێڕا.**

Karl Marx/Friedrich Engls-Werke.(Karl) Detz Verlag,Berlin, Band 18, 5Auflage 1973